# ئیمتیازی تایبەت[1]، جیاوازی و نایەکسانی لە جیهانی دەوڵەت–نەتەوە نایەکسانەکاندا

**بەرزوو ئەلیاسی***

**و: سوارۆ کوردی**

”

چەمکی ئیمتیازی تایبەت دەکرێت ئەوەمان بۆ ڕوون بکاتەوە کە بۆچی بەشێکی زۆر لە فارسەکان سەبارەت بە ئەدەبیات، موسیقا، مێژوو و زمانی عەرەبەکان، کوردەکان، ئازەرییەکان، تورکمەنەکان و بەلووچەکان نائاگان. ئەو جەهالەتە دەکرێت بەشێوەیەکی زۆر سانا و لەڕێگەی لێکۆڵینەوەیەکی سادەوە دەربکەوێت؛ بۆ وێنە ئەگەر سەبارەت بەو باسە لە عەرەبەکان، ئازەرییەکان، کوردەکان، بەلووچەکان یان تورکمەنەکان سەبارەت بە ئەدەبیاتی فارسی بپرسین و هەروەها بە پێچەوانەشەوە لە فارسەکان سەبارەت بە ئەدەبیاتی غەیرەفارسەکان پرسیار بکرێت، دەبێت بڵێین غەیرەفارسەکان ئاگایی و زانستێکی زۆرتریان سەبارەت بە ئەویتری زاڵی خۆی واتە فارسەکان هەیە.

“

ئەم وتارە دەپەرژێتە سەر پرسگەلی ئیمتیازی تایبەت (ئینحساری)، جیاوازی و نایەکسانی لە بەستێنی دەوڵەتی ئێرانیدا و شێوەکانی تەمێکردنی گرووپە بەکەمینیە کراوەکان کە وەکوو مەترسییەک بۆ سەر یەکگرتوویی سەرزەمینی و سیاسیی دەوڵەتی ئێرانی دەبیندرێت. یەکسانی و نایەکسانی بەبێ تێگەیشتن لە چۆنێتی جیاوازی پێکهاتە جیاوازەکاندا واتە چۆنێتی پۆلێنبەندیکردن، بایەخ دانانەکەیان و ڕیزبەندییەکەیان فام ناکرێت. چەمکی جیاوازی بەردەوام لە بەستێنی ڕیزبەندی ڕەگەزی[٢] و ئیتنۆ-سیاسیدا ڕۆحی هاتووەتە بەر (بڕوانە Phillips 2021).

لە کاتێکدا هەندێک جیاوازی لە ڕێگەی هەژموونی سیاسی و ئایدیۆلۆژییەوە پێگەیەکی گشتگیر قۆرخ دەکەن، هەندێک جیاوازی دەبنە ئۆبژەی کێشەدارکردن و وەک کۆسپێک لەبەردەم یەکێتی و ئاسایشی نەتەوەیی نیشان دەدرێت. ئامانجی سەرەکی ئەم وتارە هەڵتەکاندن و نائاساییکردنەوەی زاڵ بوونی کەلتووری و سیاسیی دەستوورانە بوونی(نۆرماتیڤیتی)شوناسی فارسییە و بانگەوازێکە بۆ کۆ-گەراییەکی چەند لایەنە لە ئێراندا؛ واتە چیتر شوناسی فارسی وەک کرۆکی ژیانی گروپە بەکەمینەکراوەکان نییە تاوەکوو جیاوازییەکانیان وەکوو شوورەیی و بەکەم زانین بێتە بەرچاو و هەروەها لە دەلاقەی مەترسی بۆ سەر تەناهیی نەتەوەیی سەیر بکرێن.

بە مەبەستی سازکردنی بەستێنێک بۆ ئەم وتارە کورتە ئیزن بدەن لەگەڵ گێڕانەوەیەکی تاکەکەسیی لاوێکی کورد دەست پێ بکەم کە لە ئێراق وەکوو پەنابەرێکی کورد لەدایک بووە و پاشان گەڕاوەتەوە بۆ ئاواییەکەیان لە کوردستانی ئێران؛ پێش ئەوەی بەرەو سوید کۆچ بکات. ئەو لاوە کە من بۆ لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە بێدەوڵەتبوونی و ئەویتربوونی سیاسی وتووێژم لەگەڵ کرد (Eliassi 2021) خۆی وەکوو کەسێکی سیاسی نەدەدیت بەڵام لە ڕێگەی چیرۆکەکەیەوە نیشانی دا کە چلۆن سیاسەت کرۆک و ناوەندی ژیانی کوردییە لە ئێرانی نایەکساندا. ئەو لاوە بۆ نیشاندانی ئەوەیکە چۆن شوناسی کوردی لە بەستێنی ئێرانیدا لە پێگەیەکی بندەستانەدایە ئەزموونی خۆی سەبارەت بە بەفەرمی نەناسین لە بەستێنی ڕێکخراوەییدا گێڕاوە؛ ئەوەش کاتێکە کە کوردەکان ئیزنیان نییە یان دڵسارد دەکرێنەوە لەوەی ناوی کوردی لەسەر منداڵەکانیان دابنێن و دەبێژێت:

> من کوردێکم و خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتم (ئێران) و لە کەمپی ئاوارەکان لە عێراق لەدایک بووم. بنەماڵەکەم ناوێکی کوردییان لەسەر دانام. بنەماڵەکەم گەڕانەوە ئاواییەکەمان لە کوردستان. لە ئێران من و دوو برا بچووکەکەم ناچار بووین ناوەکەمان بگۆڕین و بەرپرسەکان ناوە کوردییەکانی ئێمەیان بۆ ناوی فارسی و عەرەبی گۆڕی، بەڵام لە ماڵەوە و هاوڕێکانم بە ناوە کوردییەکەم بانگیان دەکردم. لە قوتابخانە هەردەم بە ناوی فارسی بانگ دەکرام. کاتێک لەگەڵ ژنێکی کورد لە سوید ژیانی هاوبەشم پێک هێنا، یەکەمین شت کە بۆی گەڕامەوە ناوە کوردییەکەم بوو بەسەر کارتی شوناسی سویدییەکەم. من سەردانی باڵوێزخانەی ئێرانم کرد بۆ ئەوەی پاسپۆرتی ئێرانی بۆ کوڕە تازە لەدایکبووەکەم وەرگرم. لێیان پرسیم چ ناوێکت بۆ منداڵەکەت هەڵبژاردووە. من وڵامم دایەوە: کاردۆ. باڵوێزخانەی ئێران پێیان گوتم ئەوان ناتوانن ئەو ناوە قبووڵ بکەن و پێشنیاریان دا ناوێکی فارسی لەسەر دانێم، ئەردەشێر. من قبووڵم نەکرد و یەکێک لە کارمەندەکانی باڵوێزخانەکە بە تووڕەییەوە پێی گوتم: ”تۆ ئەوڕۆ ناوی کوردیت دەوێت سبەینێ داوای دەوڵەتی کوردیش دەکەی وەکوو کوردەکانی عێراق. ئەوان بە ناقایلییەوە

قبووڵیـــان کرد کە من بیســـەلمێنم ئەو ناوە ناوێکی دژە شۆڕش نییە. ئێستا من منداڵێکی تـــازە لەدایکبــــووی دیکـــەم هەیـــە و ئەگەر بمهەوێت پاسپۆرتی ئێرانی و کارتی شوناسی بـــۆ وەرگرم دەبێ وریا بـــم ناوێکی کوردی بۆ هەڵبژێـــرم کـــە جێگەی مەترســـی نەبێت و سیاسیش نەبێت.

گەرچی ئەوە ئەزموونێکی تاکەکەســـییە، بەڵام بایەخێکی زۆر و بەربڵاوی هەیە، چونکە هەستی باڵادەستی و ســـەرووبوونی شوناسی فارسی یەکێک لە تایبەتمەندییە گرینگەکانی تەکوزیی سیاســـیی ئێرانییـــە. ئەزموونی ئەو کـــورە لاوە نیشـــانی دەدا کە چـــۆن زوڵم و توندوتیژی سیمبولیک نەتەوە بێدەوڵەتەکان دەپێکێـــت و ئەویش لـــە کاتێکدایە پێش بە ناوانی منداڵەکانیان دەگرن و ناهێڵن بە پێی شوناسی خۆیان لەســـەر بنەمایەکی یەکسان بژین.

منداڵانی فارس یان ئاخێوەرانی فارســـی بەرەبەرە ئەوە دەزانن کە شوناسە فارسییەکان لەلایـــەن ڕێکخـــراوە کۆمەڵایەتییـــەکان لە کۆمەڵـــگای ئێرانیـــدا ڕەنگدانـــەوەی هەیە و پێکهێنەری ئەو شوناســـەن. لەو ڕۆژەوەی ئەو منداڵانە دەچنە قوتابخانەکان، زمانی فارســـی کە زمانی پەروەردەیە فێر دەبن، مێژوویەک فێر دەبن کە هی فارسەکانە، هونەرێک فێر دەبن کە هی فارســـەکانە، سروودگەلێک فێر دەبن کەفارســـییە و تەنانەت ناوە جوگرافییەکانیش کـــە کوردین کراونەتە فارســـی. بە واتایەکی دیکە منداڵانی فـــارس فێر دەبن کە جیهانی ژیانیـــان لـــە ماڵـــەوە و دەرەوە یەکانگیـــر و یەکگیرە. ئەگەر ئێمـــە ئاوڕێک لە منداڵانی غەیرە فارس وەکوو ئازەرییەکان، عەرەبەکان، تورکمەنەکان و کـــوردەکان بدەینەوە؛ ئەوان بەپێچەوانەوە دەزانن کە شوناسەکەیان لەنێو ئەو ڕێکخـــراوە کۆمەڵایەتییانەدا ڕەنگدانەوەی نییە و ناچارن یان هان دەدرێن بایەخەکان و زمانی فارسی باڵادەست وەخۆبگرن (دەروونی بکەنەوە)، ئەوە لە کاتێکدایە ئامانجی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران وەکوو قوتابخانەکان فارسی سازیی کۆمەڵگای ئێرانییە.

هـــەر بـــەم هۆکارەیە شـــوناس و زمانی فارسی وەکوو سازکەری ڕاستەقینەی "ئێرانی بـــوون" دەبیندرێت؛ ئەوەش لە کاتێکدایە کە زمانی کوردی و بەلووچی وەکوو زارەوەگەلی بەلاڕێدا ڕۆیشتووی زمانی فارسییە و ئازەری، تورکەمەن و عەرەبیش وەکوو زمانێکی بێگانە ســـەیر دەکرێت. هەندێک کات هێز و ئیلیتی فارســـی کـــوردەکان وەکوو "ڕەســـەنترین" ئێرانییەکان بەئەژمـــار دەهێنن. بەپێچەوانەوە کاتێک کەڵک لە دەستەواژەی "ڕەسەنایەتی" لە گوتـــاری سیاســـەتی شوناســـی لەلایەن خەڵکانی ڕەســـەن و کۆلۆنی کراو لە جیهاندا وەردەگیرێـــت مەبەســـت گەیشـــتن بە مافی زۆرتـــرە، بـــەڵام لەمەڕ کوردەکان داکشـــانی مافەکان مەبەستە. هەندێک لە کورد، ئازەری و عەرەب، بەلووچ و تورکەمەنە بەفارسکراوەکان هاودەنگ و هاوڕێـــی گوتاری زاڵن و ڕۆڵێکی ســـەرەکی لە بەهێزکردنی هێزی کەلتووری، سیاســـی و ئابووریی فارســـەکان دەگێڕن و ئەوەش لـــە ڕێگـــەی یەکگرتوویـــی لەگەڵ ڕێژیمەکانی ئێرانە و بزاڤە غەیرە فارسەکانیش بـــە "تەجزیە تەڵەب" و "دژە ئیســـلام" یان "ئەســـبی تێـــرۆوا"ی زایۆنیـــزم و پلانەکانی ئیمپریالیســـتەکان تۆمەتبار دەکەن کە گوایە دەخوازن یەکگرتوویی سیاســـی و زەمینیی ئێران لاواز بکەن.

ئێمە چـــۆن دەتوانیـــن ئـــەم جیاوازییە لەنێوان فارســـەکان و گرووپەکەمینەکراوەکان کە لە بـــواری کەلتوورییەوە جێگای بەدناوی و سەرشۆڕین و لە ژێر دەستی ئیمپریالیزمی کەلتووریی فارسیدان شی بکەینەوە؟ چەمکی ئیمتیـــازی تایبـــەت چەمکی ســـەرەکی بۆ تێگەیشـــتن لەوەیە کـــە چۆن نایەکسانی بەشێوەی سیاسی سازمان دراوە و ڕێک خراوە؟ لە ڕاستیدا ئیمتیازی تایبەت لایەنێکی دیکەی

سەرکوت و هەڵاواردنە. لەم بوارەدا ئاڵیسۆن بەیلی (١٩٩٨) ئیمتیازی تایبەت وەها پێناسە دەکات: "ئیمتیازی تایبەت بەرژەوەندییەکی بەخشراوی سیستماتیکە بە کەسەکان کە بەهۆی ئەندامێتی لە گرووپە زاڵەکاندایە و دەستیان بە سەرچاوە و هێزی ڕێکخراوەیی ڕادەگات و لە سەرووی بەرژەوەندییە ئاساییەکانی شارومەندانی پەراوێزخراوە". ئەو گروپ و کەسانەی ئیمتیازی تایبەتیان هەیە لە ستراتیژییە تایبەتەکان بۆ ڕاگرتن و مانەوەی پێگەی خۆیان کە دەبێتە هۆی دەستەبەربوونی ئیمتیازە تایبەتەکان سوود وەردەگرن. ئەو ستراتیژییانە ئیمتیازە تایبەتەکان نەبینراو دەکەن و پێگەکەیان وەکوو شتێکی سروشتی و ئاسایی لێ دەکات و هەستی بە حەقبوونی پێگەکەیان لەخۆ دەگرێت. ئەوە شتێکی نائاسایی و سرووشتی نییە کە حاڵەتێکی بەرگریکارانە و هەست بە دڵەڕاوکێ بگرنە بەر کاتێک گروپەزاڵەکان وەکوو ئیمتیازی تایبەت ئاماژەیان پێ بکەن و دۆخەکەیان بخەنە ژێر پرسیارەوە. لە سۆنگەی ئەو باسەی سەرەوە دەبێت ئەوە بزانین ئیمتیازی تایبەت تەنیا نایەکسانیی کەلتووری، ئابووری و سیاسی گەمارۆ نادات، بەڵکوو نائاگاداری و جەهالەتیش گەمارۆ دەدات.

چەمکی ئیمتیازی تایبەت دەکرێت ئەوەمان بۆ ڕوون بکاتەوە کە بۆچی بەشێکی زۆر لە فارسەکان سەبارەت بە ئەدەبیات، موسیقا، مێژوو و زمانی عەرەبەکان، کوردەکان، ئازەرییەکان، تورکمەنەکان و بەلووچەکان نائاگان. ئەو جەهالەتە دەکرێت بەشێوەیەکی زۆر سانا و لەڕێگەی لێکۆڵینەوەیەکی سادەوە دەربکەوێت؛ بۆ وێنە ئەگەر سەبارەت بەو باسە لە عەرەبەکان، ئازەرییەکان، کوردەکان، بەلووچەکان یان تورکمەنەکان سەبارەت بە ئەدەبیاتی فارسی بپرسین و هەروەها بە پێچەوانەشەوە لە فارسەکان سەبارەت بە ئەدەبیاتی غەیرەفارسەکان پرسیار بکرێت، دەبێت بڵێین غەیرەفارسەکان ئاگایی و زانستێکی زۆرتریان سەبارەت بە ئەویتری زاڵی خۆی واتە فارسەکان هەیە. ئەم فۆرمە لە نائاگاهی مۆڵەتپێدراو لە بەرژەوەندیی گرووپی زاڵ و باڵادەستدایە و پێگەی ئیمتیازە تایبەتەکەیان بەهێزتر دەکات. لە سوید لەو وڵاتەی من تێیدا دەژیم چەندەها جار پەنابەرە فارسەکان لێیان پرسیوم گەلۆ لە ماڵەوە لەگەڵ منداڵەکانم بە فارسی قسە دەکەم؟ ئەو جۆرە پرسیارانە نیشان دەدا کە چلۆن کەلتووری دەستوورانە (نۆرماتیڤ)ی فارسی وەکوو شوناسی گشتگیری (جهانشمول) ئەو بوارە کار دەکات واتە ئەو بوارەی چاوەنواری بەجێهێنان و قبووڵکردنی زاڵبوونی شوناسی فارسی دەکات. گەرچی من زۆربەی کات بەرپەرچیان دەدەمەوە و دەبێژم ئەگەر ئێوەش لەگەڵ منداڵەکانتان لە ماڵ بە کوردی قسە بکەن. لەم دۆخەدا ئەوان ناڕاحەت دەبن و دەتوانن بڵێن کە پێویستیان بە فێربوونی زمانی کوردی نییە، چونکە فارسی لە هەموو شوێنێک قسەی پێ دەکرێت. ئەو "هەموو شوێنە" لە ئێراندا نیشاندەری ئەوەیە کە چۆن کۆگەراییەکی سەرکوتکەر کار دەکات، چونکە زمانی فارسی بەشێوەیەکی سروشتی لەلایەن خەڵکانی جیاوازەوە قسەی پێ ناکرێت بەڵام لەلایەن دەوڵەتەوە لە ڕێگەی ڕێکخراوە زاڵەکانی وەکوو سیستەمی پەروەردە، میدیای بەکۆمەڵ داسەپێندراوە و ئەگەر کەسێک

> **هەستی باڵادەستی و سەرووبوونی شوناسی فارسی یەکێک لە تایبەتمەندییە گرینگەکانی تەکوزیی سیاسیی ئێرانییە. ئەزموونی ئەو کورە لاوە نیشانی دەدا کە چۆن زوڵم و توندوتیژی سیمبولیک نەتەوە بێدەوڵەتەکان دەپێکێت**

لەم تەکووزە لا بدات تەمێ دەکرێت، سووک دەکرێت و لە کۆمەڵگا دەریدەخەن. ئەوە لەژێر ڕکێفی تەنزیماتی سیاسی و دۆخ و توندوتیژیی بیرۆکەی ناسیونالیستیدایە کە گرووپەکان بەکەمینە دەکرێن و دەبنە عەلامەت و لەکاتێکدا گرووپی زاڵ بێنیشانەیە و سرووشتی بووەتەوە (بڕوانە Pandey 2006) ئەوە شتێک نییە جگە لەو ئیمتیازە تایبەتەی کە فارسەکان لە کۆمەڵگای فرە چەشنی وەکوو ئێران ئەزموونی دەکەن.

## خۆبەدەستەوەنەدانی شوناسی ئێرانی

بە پێچەوانەی دەوڵەتانی تورکیە و سووریە کە بە ئاسانی دەکرێت شوێنپێی سەردەستیی ئێتنیکی تورک و عەرەبی تێدا ببیندرێت، ناوی ئێران خۆ بەدەستەوە نادات و کەمتر ئێتنیکییە و پتر وەخۆگرە، لە کاتێکدا ڕاستیی زاڵبوونی ئێتنیکی فارس دەشارێتەوە. ئەفسانەیەکی بەربڵاو هەیە سەبارەت بەم بیرۆکەیە کە دەڵێت ئێران کۆمەڵگایەکی فرە ئێتنیک و فرە ئایینیی هاوئاهەنگە. دەی کەواتە ئەو کۆگەراییەی ئیدیعای دەکەن لە کردەوەدا لە ئێران چۆنە؟

نوێنەرانی دەوڵەتی ئێران لە بۆنەکاندا ڕەتی دەکەنەوە زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆیە و بەرەو زاراوەیەک دایدەبەزێنن. لە ساڵی ٢٠١٤دا کۆنسوولگەریی ئێران لە هەرێمی کوردستان ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە کە زمانی کوردیی سووک و چرووک کرد. کۆنسوولگەری ئێران گوتی "زاراوەی کوردی زمانێکی سەربەخۆ نییە بەڵکوو هی زمانە ئێرانییەکانە و تێکەڵاوێکە لە زمانەکانی عەرەبی، تورکی و فارسی". ئەمە لە کاتێکدایە لە بەقەرزوەرگرتنی وشەکان و ئاڵوگۆڕی زمانی بەشێکە لە گەشەسەندنی زمانەکان؛ جێگەی سەرنجە کە کۆنسولگەریی ئێرانی/فارسی باس لە بابەتی "تێکەڵاوی" دەکات لە کاتێکدا زمانی فارسی و وشەدانەکەی بەشێوەیەکی بەربڵاو لەژێر کاریگەری و دەسەڵاتی زمانی عەرەبیدایە. ئامانجی سەرەکیی کۆنسولی ئێران ئەوە بوو کە لەسەر شایستەیی کورد بۆ ئیدیعای نەتەوەبوون و دەسەڵاتداریتی لە ناوچەیەک کە لەژێر تەراتێنی عەرەب، فارس و تورکدایە گومان دروست بکات. کاتێک ئەم باسە دەگاتە منداڵان و کەمبوونی ئاستی زانستی و زانین لەسەر زمانی فارسی بەم جۆرە دەجووڵێنەوە؛ لە ساڵی ٢٠١٩دا ڕێزوان حەکیمی جێگری سەرۆکی پەروەردەیی وەزارەتی پەروەردە و ڕاهێنانی ئێران گوتی ئەم ئاستە لاوازە لەسەر زمانی فارسی دەکرێت هۆکارەکەی کەموکوڕی بیولۆژیکی بێت. لە ساڵی ٢٠١٩دا بەرپرسانی ئێرانی زارا موحەممەدی مامۆستای زمانی کوردی و داژداری مافی مرۆڤیان خستە بەندیخانەوە. زارا بەوە تۆمەتبار کرابوو کە "گرووپێکی لە دژی تەناهیی نەتەوەیی پێک هێنابوو". بۆ وێنە هەندێک لە ئەندامانی ئاکادیمایی زمان و ئەدەبیاتی فارسی جەختیان دەکردەوە کە خواستی کەمینەکان بۆ مافی پەروەردە بە زمانی غەیرە-فارسی دەبێتە هۆی لاواز بوونی تەناهیی نەتەوەیی، یەکدەستیی کۆمەڵایەتی و یەکگرتوویی خاکی ئێران. ئەم بێزارییە بەرانبەر بە خواستی کورد بۆ مافە کەلتووری-ئێتنیکییەکانی نیشاندەری ئەوەیە کە ڕێژیمی ئێران و ڕووناکبیرەکانی شوناس و زمانی کوردی وەکوو دیاردەیەکی بەدناو بەئەمنییەتی دەکەن و ئەمەش لەژێر ناوی شوناسیی نادیموکراتیکی ئێرانی داسەپاودایە

> ئێمە چۆن دەتوانین ئەم جیاوازییە لەنێوان فارسەکان و گرووپە کەمینەکراوەکان کە لە بواری کەلتوورییەوە جێگای بەدناوی و سەرشۆڕین و لە ژێر دەستی ئیمپریالیزمی کەلتووریی فارسیدان شی بکەینەوە؟

که ڕەهەندی دەستوورییانەی کەلتووری شوناسی فارسی دەشارێتەوە و هەمدیسانیش بەرهەمی دەهێنێتەوە (بڕوانە شێخولئیسلامی ٢٠١٢، سەبارەت بە دۆخی زمانی کوردی لە ئێران).

ئەوە ڕاستییەکە کە ئێران گرووپە ئێتنیکی و ئایینییە جیاوازەکان لەخۆ دەگرێت و ناسیونالیزمی خەڵکی هەمیشە هاوگری ناسیونالیزمی فەرمی نییە، دەوڵەتێک ئیدیعای یەکێتی لەنێو فرەچەشنیدا دەکات، بەڵام لەڕاستیدا شارومەندی ئێرانی و شوناسی نەتەوەیی ئیمتیازێکی تایبەتە بۆ ئاخێوەرانی زمانی فارسی یان ئێتنیکی فارس. دەکرێت بە دروستی بڵێین کە شوناسی ئێرانی دیکۆراسیونێکە لە کۆنترۆڵی سیاسی، کەلتووری و ئابووریی فارسەکان بەسەر ئێراندا (Soleimani & Mohammadpour 2019). لەم بارەیەوە من کەڵک لە کاری "کریشان کومار"ی کۆمەڵناس (٢٠٠٠) وەردەگرم بۆ ئەوەی باس لە چۆنیەتیی کارکردنی ناسیونالیزمی ئێرانی لە ئاستی دروشم و کردەوەدا بکەم. دەکرێت ناسیونالیزمی ئێرانی لەسەر بنەمای سەروەری فارس وەک ناسیونالیزمێکی ئیمپریال و میسیونێری ناو بنێن کە ئەمە لەخۆدەگرێت "پێوەندییەکی لەنێوان گرووپی ئێتنیکی زاڵ یان سەرەکی و یەکەی دەوڵەتی هەیە کە خۆی وەکوو پێبەند و دەروەستەیەک بۆ هەندێک ئامانجی گەورەی ئایینی، کەلتووری یان سیاسی دەبینێت (Kumar 2000:580). سیاسەتمەداران و ڕێبەرانی فارس زۆربەی کاتەکان لە قسە کردن سەبارەت بە زاڵبوونی فارسەکان وەکوو شوناس و بواری حاکم خۆ دەبوێرن و جەخت دەکەنەوە کە ئێران وڵاتی بەرهەمهێنەری ئاشتی، برایەتی، فرەچەشنی و ئیسلامە لە جیهانی ئیسلامدا. کاتێک گرووپە بەکەمینەکراوەکان نایەکسانییە ئایینی و ئێتنیکییەکانیان سیاسی دەکەنەوە، ڕژێمی ئێران و ڕووناکبیرەکانیان دەخوازن ئەو کێشەیە وەکوو پلانی سازکراوی ڕۆژئاوا و زایۆنیزم بە ئامانجی لێپرژانی ئێران نیشان بدەن. کۆمار دەبێژێت ئەگەر گرووپی باڵادەست بەرپرس بێت پێویست ناکات "بۆی لە دەهۆڵ بدات" لەڕاستیدا ئەنجامی ئەو کارە مەترسییەکە بۆ بنەمای پێگەی زاڵبوونیان و ئەگەر بندەستبوونی گرووپەکانی دیکە بهێنێتەوە بیریان ڕەنگە هانیان بدات مشوورێک لە خۆیان بخۆن(Kumar 2000:590). بەم حاڵەوە کاتێک ناسیونالیزمی ئێتنیکی ڕووی خۆی دەردەخات کە هێزی سێمبولیکیی ئێتنیکییەکەی بکەوێتە مەترسییەوە، بۆ وێنە لەبابەت "کەنداوی فارس" کاتێک عەرەبەکان دەخوازن ناوەکەی بکەنە "کەنداوی عەرەب" دەهۆڵی نوینەرانی ناسیونالیزمی فارسی زۆرتر دەنگی دێت و زاڵبوونی شارەوەی فارسی پتر ڕووی خۆی دەردەخات. کاتێک حەسەنی ڕۆحانی لە ساڵی ٢٠١٣دا وەکوو سەرۆککۆماری ئێران هەڵدەبژێردرێت، کوردەکان چاوەڕوانی زەمانێکی سیاسیی نوێ بوون تاکوو مافە کەلتووری و سیاسییەکان ئاستیان بەرز بێتەوە. بەڵام کاتێک بووە بە سەرۆککۆمار جەختی کردەوە لە ئێران تەنیا یەک شوناسی دەسەڵاتدار هەیە و ئەویش شوناسی ئێرانییەو بەناقایلییەوە گوتی لەژێرەوەی شوناسی ئێرانی هەندێک "وردە کەلتوور"یش هەیە. پێناسەکردنی ئێتنیکە غەیرەفارسەکان وەک "وردەفەرهەنگ" دەکرێت بەم شێوەیە فام بکرێت کە ئەوە ستراتێژییەکی سیاسییە بۆ بێبەریکردنیان لە ئیدیعای نەتەوەبوون و خودموختاری و هەروەها بەمەبەستی دانانیان لەژێرەوەی شوناسی ئێرانی کۆخوازیی داسەپاوە. ئیدیعای کوردەکان بۆ پەرەپێدانی چەمک و تێگەیشتنی لە شارومەندی ئێرانی بۆ ئەوەی بەربڵاوتر بێتەوە وەکوو پرسێکی تەناهیی نەتەوەیی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێت کە

بەرواڵەت پێوەندی گشتی نێوان گروپەکانی ئێران دادەڕزێنێت و پەرتووکیان دەکاتەوە و بەرژەوەندییە ئیمپریالیستییەکان دەستەبەر دەکات. هاوکات حیزبە کوردییەکانیش لە شەڕ لەگەڵ دەوڵەتی ئێرانیدان و زۆربەی کات وەکوو لایەنێک کە سوبژێکتیویتەی سیاسی نییە دەبیندرێن و وەکوو ئامرازی دەستی ئیسرائیل و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبیندرێت بۆ ئەوەیکە ئەو هارمونییە ئیدیعاییەی جیهانی ئیسلام کە بەتاڵە لە هەر چەشنە هیرارشییەکی ئیتنیکی-ئاینیی وەلەرزە بخات و بشێوێنێت.

لە جیهانێکدا جیاوازیی جۆربەجۆر بوونی هەیە، یەکسانی و یەکبوونی نەتەوەیی وەکوو مەترسییەک کار دەکات بۆ ئەو کەسانەی خۆیان بە هی ئەو نەتەوەیە نازانن. گەرچی ئینتما و باوەر بۆ خۆشبژێویی مرۆڤ پێویستە، دروست کردنی سیاسەتێک لەسەر بنەمای بەرابەری و یەکسانیش پێویستە (Butler 2012). لەو جێگایەوەی زۆربەی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوین کێشەی چەقبەستوویی ئیتنیکی-ئاینییان هەیە، دەتوانن فۆرمولێکی دیکە بۆ چارەسەری کێشەکە جگە لە دەوڵەت-نەتەوەی بێبەریانە دەکار بکەن. بۆ وینە ئەوان دەتوانن کەڵک لە فیدراسیونێک لە نەتەوە جۆراوجۆرەکان وەرگرن؛ "شیمانەکردنی نەتەوەیەک یان کردەوەکانی لە دەرەوەی بەستێنی کردەوەی بەکۆمەڵ و گشتی مومکین نییە" (Butler 2021:146). لە ناو چوارچێوەی ئەو فیدراسیونەدا دەسەڵات ناتوانێ لەسەر بنەمای خواستی یەک نەتەوە بێت؛ چونکە ئەو سیاسەتە خۆی بەرپرسە بۆ "فۆرمێکی ژیانی سیاسی کە خوازیاری هاوبەشیی هێز و کردەوەی هاوبەشی بەکۆمەڵ و هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵات بەرەو هێزێکی بەکۆمەڵە و هەروەها خۆی بە بەرپرس دەزانێت بۆ یەکسانی لەنێوان پێوەندییە نەتەوەییەکاندا"(هەمان سەرچاوە).

لەم ڕووەوە وەها فیدراسیونێک دەتوانێت گرینگ بێت و ببێتە هۆی دەستەبەرکردنی رۆژهەڵاتێکی ناوین کە دۆستی جیاوازییەکانە، شوێنێک کە جیاوازیی کەلتووری، ڕەگەزی و ئایینی چی دیکە عەیب نییە و چیتر چاوەڕوانی ئاسمیلاسیون بۆ نۆرمە زاڵەکان نابێتە نرخ و بەهایەک بۆ بەدەست هێنانی یەکسانی و ڕێز و حورمەت (Fraser 2003:7). بەفەرمیناسینی جیاوازییەکان نابێت تەنیا لەڕێگەی سیاسەتەوە دیکتە بکرێت جا با دەوڵەت بێت یان فیدراسیونێک بێت، خودی خەڵک نابێت تەنیا وەکوو وەرگرانی پاسیڤی بەفەرمیناسین و بەرەواناسین بێنە بەرچاو؛ بەڵکوو بەشێوەیەکی بەرچاو لە مشتومڕی بەرەواناسین چالاکن. ئەم فۆرمولە سیاسییە دەتوانێت پێوەندیگەلێکی بەقازانجی گشتی لەنێوان بوارە جیاوازەکاندا دروست بکات بەبێ ئەوەی پێویست بێ چەک و توندوتیژی بۆ بوون و داواکردنی مافەکان بێتە گۆڕێ. بۆ بەدەستهێنانی ئەوەش دەبێ یاساکان، بایەخەکان و ڕێکخراوەکان پێکەوە کار بکەن و بیرۆکەی سەروەریی ئیتنیکی-نەتەوەیی ڕەوایی لێ بستێندرێتەوە و ڕێز و قبووڵکردن و پێکەوەیی یەکسان لەنێوان جیاوازییەکاندا هەبێت. بەڵام جاری دەبێ چاوەڕێ بین پێکەوە ژیان لەنێوان جیاوازییەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانێکی گشتیتر دەتوانێت شانسێک بێت بۆ ئەوەی ببێتە "مەرجێک بۆ ژیانی سیاسیی ئێمە" (Butler 2012:23).

## جیاوازی و یەکسانی

ئەوە ئێمە بەرەو پرسیاری یەکسانی و جیاوازی هان دەدا و هەروەها پاڵنەرێکە بۆ ئەو بیرۆکەیە کە چ کەسێک شایستەی مرۆڤبوونە و لەرێگەی مافەکان، ڕەواناسین و ڕێزو حورمەت وەخۆ بگرێت. لە ڕەهەندێکی مێژووییەوە زۆریەک لە خەڵکەکان بەهۆی ئایدیایە جیاوازەکانی

کۆگەرایی و نکۆڵی لە دۆخی مرۆڤبوون راو نراون. کاتێک کە گروپگەلێکی بەکەمینەکراو وەکوو کورد دەڵێن ئەوانیش مرۆڤن بایەخی ئەوەیان هەیە وەکوو نەتەوەسەقامگیرەکان بەفەرمی بناسرێن، خۆیان بە موددەعی و لایەنگری یەکسانی و عەدالەت دادەنێن و بەرهەڵستی ئەو دابەشکاری و هیرارشییەی کە بووەتە هۆی بندەستبوونیان دەبنەوە، ئەوە بابەتێکە کە فیلیپس (٢٠١٥) بە وردی لە کتێبەکەیدا بەناوی سیاسەتی مرۆڤ شەن و کەوی کردووە. فیلیپس لەسەر ئەم باوەڕەیە کە بە نکۆڵیکردن لە گرینگی جیاوازییە ئیحتمالییەکان وەکوو کەلتوور، رەنگی پێست و مەیلی رەگەزی و ئیدیعای پێوەندییە هاوبەشەکانی ئێمە وەکوو مرۆڤ؛ ئیدەئالێکی ئەخلاقیی بەهێز دێتە ئاراوە؛ چونکە دەتوانێت وەکوو چەکێکی گوتاری لە دژی ئیدیۆلۆژیی دووبەرەکییانەی راسیزم و سێکسیزم کار بکات. لە روانگەی فیلیپس چەمکی شوناسی گشتی و هاوبەشی مرۆیی دەبێتە هۆی مەترسییەک بۆ بیروکە و واقعییەتی جیاوازبوون. بۆ وێنە ئەگەر بخوازین گروپە بەکەمینەکراوەکان و بەرەگەزیکراوەکان لە بەستێنی هیرارشی ئێتنیکی-نەتەوەییدا بمێننەوە و گلەیی و گازندەکانی خۆیان وەلا بنێن و لەسەرووی ئەوانەوە بڕوانن؛ ئەو مەترسییە هەیە کە هەر لە سەرەتاوە ئیمتیازێکی تایبەت بۆ گروپی باڵادەست قایل بین (بڕوانە Young1990). ئەوە بەهەڵکەوت نییە کە گروپە پەراوێزخراوەکان بەشێوەیەکی بەرچاو نیگەرانی لاتاوە بێئابڕووییەکەیان و بەرەوا نەناسرانی جیاوازییەکەیان بن. وتنی ئەوەی کە گروپە پەراوێزخراوەکانیش مرۆڤن بەبێ

> لە جیهانیکدا جیاوازیی جۆربەجۆر بوونی هەیە، یەکسانی و یەکبوونی نەتەوەیی وەکوو مەترسییەک کار دەکات بۆ ئەو کەسانەی خۆیان بە هی ئەو نەتەوەیە نازانن. گەرچی ئینتما و باوەڕ بۆ خۆشبژێویی مرۆڤ پێویستە، دروست کردنی سیاسەتێک لەسەر بنەمای بەرابەری و یەکسانیش پێویستە

ئەوەی پێوەندییەکانی هێز بگۆڕدرێت و دیموکراتیزە بکرێت" لە باشترین حاڵەتی خۆیدا سانتیمانتیالیزمێکی هێڵۆڵە و لە خراپترین حاڵەتیشیدا ئیدیۆلۆژیی درۆی سارترییە" (Phillips 2015:38). فیلیپس زۆر بەباشی باسی ئەوە دەکات کە بۆچی گروپە بەکەمینەکراوەکان پێداگری لەسەر جیاوازییەکانیان دەکەن:

ئەگەر پێشتر بەشێوەیەکی ئەمن لە ریزبەندی و هیرارشیی هێزدا سەقامگیر بووبێتی، زۆر ئاسانترە تاوەکوو تایبەتمەندییەکانی خۆی وەلا بنێی؛ لە ئاکامدا ئەوان لەنێو ناچن و پێویستیان بە سەرنجێکی تایبەتی نییە چونکە ئەوان پێشتر تێکەڵ بەو شتە بوون کە وەکوو نۆرمی مرۆیی فام کراوە (Phillips2015:13). ئەوە نیشان دەدات کە چلۆن کۆگەرایی دروێین کاردەکات و خۆی لەرێگەی دژایەتی لەگەڵ ئەوگروپە دیارانەی خوازیاری جیاوازییەکانیان بۆ ئەوەی ڕەوایی گشتی و رێکخراوەیی، رێز و حورمەت و رەنگدانەوەکەیان بەدەست بهێنن هەمدیسان بەرهەم دەهێنێتەوە. ئەو شتەی ئیدیۆلۆژیی باڵادەست لە گروپە پەراوێزخراوەکان دەیەوێت ئەستاندنەوەی تایبەتمەندییەکانیانە بۆ ئەوەی دۆخی مرۆڤبوون یان دۆخێکی گشتگیر (یونیڤێرساڵ) یان پێ بدات؛ هەر ئەو شتەی دەوڵەت-نەتەوە بەروالەت پێیان دەبەخشێت. زۆربەی کاتەکان بەشێوەیەکی پێشبینیکراو گروپە دیارەکان دەوڵەت و خاوەن هێزەکان دەخاتە ژێر فشارەوە بۆ ئەوەی پانتاییی یەکسانی زۆرتر بکات تاوەکوو روانگە و ئەزموونەکانیشیان قبوول بکات. کاتێک خەڵکانی بێدەوڵەت کێچ دەخەنە کەوڵی دەوڵەتەوە بۆ ئەوەی کە

هیرارشیی ئیتنیکی-نەتەوەیی خۆی بەرئاوەژووو بکاتەوە، دیسان پێناسەی بکاتەوە و بەپێی بایەخە نوێیەکان هەڵیسەنگێنێتەوە، لەڕێگەی داوەریکردن لەنێوان عەداڵەت و بێعەداڵەتی خۆیان سیاسی دەکەنەوە (Isin2002) و شکڵی سروشتیی باڵادەستبوون شەقار دەکەن (Rancière1999).

بەدڵنیاییەوە بێدەوڵەتبوون وەکوو برینێکی سیاسی، ڕووداوێکی بەهەڵکەوت لە ژیانی خەڵکی کورددا نییە بەڵکوو کاریگەرییەکانی ڕاستەوخۆی نەتەوەخوازی کۆلۆنیال و دەوڵەت-نەتەوە ئینحسارییەکانە(Matin 2020). یەکسانی دەکرێت لە سەرووی یەکبوونی نەتەوەیی بەدەست بێت ئەگەر ئێمە بەشێوەی سیاسی و یاسایی ئەو ڕێکخراوە و گوتارانە بگۆڕین کە حاشا لە جیاوازییەکانی گرووپە بندەستەکان دەکەن، سووکیان دەکەن و دەیانسڕنەوە، جیاوازیی بندەستگەلێک کە هەوڵ دەدەن یەکسانیی گشتی و بەرەوا ناسین و حورمەت بەدەست بهێنن. لەوەها بەستێنێکی سیاسیدا مرۆڤبوون، یەکسانی و جیاوازی نابێت وەکوو شتێکی نەشیاو و دوژمنانە سەیر بکرێت(Scott1994). تا ئەو کاتەی نایەکسانی و نکۆڵیکردن لە دەوڵەت-نەتەوەکاندا درێژەی هەبێت؛ بەدەگمەن کۆمەڵگایەک دەتوانێت بە ئاشتی، پێکەوە ژیان و سەقامگیرییەکی هەمیشەیی و بەردەوام بگات؛ چونکە نایەکسانی و نکۆڵیکردن بەستێنێک بۆ بەرهەمهێنانی شوناسە جەمسەرییەکان دروست دەکات ئەوسیش لە جیهانێکدا کە گرووپە دیارەکان خۆیان لەژێر ڕکێفی مافەکاندا دەبینن و ئیمتیازە تایبەتەکانیش بەنرخی بەرەگەزیکردن و بێدەوڵەتیی گرووپەکان دەستەبەر دەبێت. لە ئاکامدا ئەوە لەڕێگەی گۆڕینی نۆرماتیڤیتیی سیاسیی دەوڵەت-نەتەوەکان و ڕێژیمەکانی شارومەندیی هیرارشییانە بەدەست دێت (Vali 1998)، کە دەکرێت داهاتوویەکی گشتگیری نوێی سیاسی شیمانە بکرێت کە لەسەرووی باڵادەستبوون و ژێردەستبوونی سیاسیدایە.

> ئەوە ئێمە بەرەو پرسیاری یەکسانی و جیاوازی هان دەدا و هەروەها پاڵنەرێکە بۆ ئەو بیرۆکەیە کە چ کەسێک شایستەی مرۆڤبوونە و لەڕێگەی مافەکان، ڕەواناسین و ڕێزو حورمەت وەخۆ بگرێت

بۆ بزاڤە سیاسییە غەیرە فارسەکان کە بۆ ئێرانێکی پلوڕاڵ و دیموکراتیک شەڕ دەکەن پێویستە شوناسی فارسی بخەنەوە ناو پارێزگاکانی خۆیان (ئوستانیکردنی شوناسی فارسی) و بیکەنەوە بە شوناسێکی ناوچەیی لە ئێراندا واتە ئەو شوناسەی کە لە ڕێگەی ئاسیمیلاسیون و هێژموونیی کەلتووری کۆگەراییەکەی خۆی ساز کردووە ناوچەیی بکرێتەوە. تا ئەو کاتەی شوناسی فارسی وەکوو شوناسی باڵادەست لە ئێران ببیندرێت و یاسای گەمەکە لە مەیدانی نابەرانبەردا ئەو دایرێژێت، غەیرە فارسەکان ناتوانن چاوەڕوانی یەکسانی بن، بەڵکوو لە پێگەی بە قەوڵی فارسەکان ”کەمینە“دا دەمێننەوە و دەبێت چاوەڕوانی خێر، باوکایەتی و خێرخوازیی دەوڵەتی ئێرانی بن. ئافراندنی دەوڵەتی بەرابەریخوازی لە ئێراندا پێویستی بە سڕینەوەی ئیمتیازە تایبەتەکانی فارسەکانە واتە ئەو منداڵە غەیرە فارسەکان وا لێدەکات کە بێنە جیهانێکەوە شوناسەکەیان، ناوەکانیان، مێژووەکەیان، ئایینەکەیان، کەلتوورەکەیان، گۆرانییەکانیان و زمانەکەیان سووک ناکرێت و یاساغ نییە، بەڵام بوونێکی نۆرماتیڤی لە هەموو ڕێکخراوەکانی ئێراندا هەیە. ئەوە هەمان ئەسڵی یەکسانیی بێمەرجە کە کە کوردەکان پێویستە بەدواوەی بن ئەگەر دەیانەوێت لە زوڵم و توندوتیژیی سەرەڕۆیانە

لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی ئێرانی دەرباز بن. هەر بەو جۆرەی فیلیپس (٢٠٢١:١١٢) دەڵێت: ”یەکسانی و بەرابەری شتێکە کە کاتێک ڕوو دەدات کە خەڵک لە قبووڵکردنی دۆخی بندەستیی خۆیان خۆ ببوێرن. یەکسانی بەرپرسیارێتییە و ئیدیعایەکە“. لەم ڕووەوە یەکسانی و یەکبوونی شتێکی هاوشێوە نییە و یەکسانی و جیاوازییەکانیش دژی یەکتری نین. بەکورتی کورد پێویست ناکات تەسلیم ببێت یان جیاوازییەکانی خۆی وەلا بنێت تاکوو یەکسانی بەدەست بهێنێت و پێگەی یەکسانیی بێمەرج بۆ خۆی دەستەبەر بکات.

*. پرۆفیسۆری هاوکار لە زانکۆی لینیۆس، سوید

## پەراوێزەکان

1. privilege
2. gender

## سەرچاوەکان

Bailey, A. (1998). Privilege: Expanding on Marily Fry's Oppressioon. Journal of Social Philosophy, 29(3): 104-19.
Butler, J. (2012). Parting Ways: Jewishness and the Critique of Zionism. New York, NY: Columbia University Press.
Scott, J. W. (1994). Deconstructing equality-versus-difference: Or, the uses of poststructuralist theory for feminism. In Steven, S. (ed.), The Postmodern Turn: New Perspectives on Social Theory (282-298). Cambridge: Cambridge University Press.
Eliassi, B. (2021). Narratives of Statelessness and Political Otherness: Kurdish and Palestinian Experiences: Cham: Palgrave Macmillan.
Fraser, N. (2006). Social Justice in the Age of identity Politics: Redistribution, Recognition, and Participation. In Nancy, F. & Axel, H. (eds.) Redistribution or Recognition? A Political-Philosophical Exchange (pp. 8-109). London: Verso.
Isin, E. F. (2002). Ways of being political. Distinktion: Scandinavian Journal of Social Theory, 3(1): 7-28.
Kumar, K. (2000). Nation and Empire: English and British identity in comparative perspective. Theory and Society, 29(5): 575-608.
Matin, K. (2020). Liminal Lineages of the "Kurdish Question". Middle East Report 295. https://merip.org/2020/08/liminal-lineages-of-the-kurdish-question/ Accessed 7 April, 2021.
Pandey, G. (2006). Routine Violence: Nations, fragments, histories. Stanford University Press.
Phillips, A. (2015). The Politics of the Human. Cambridge: Cambridge University Press.
Phillips, A. (2021). Unconditional Equals. Princeton: Princeton University Press.
Rancière, J. (1999). Disagreement: politics and philosophy. Minneapolis: University of Minnesota Press.
Sheyholislami, J. (2012). Kurdish in Iran: A case of restricted and controlled tolerance. International Journal of the Sociology of Language, 217: 19-47.
Soleimani, K. & Mohammadpour, A. (2019). Can the Non-Persian speak? The sovereign narration of "Iranian identity". Ethnicities, 9(5): 925-947.
Vali, A. (1998). The Kurds and Their "Others": Fragmented identity and Fragmented Politics. Comparative Studies of South Asia, Africa and the Middle East, 18(2): 82-95.
Young, I. M. (1990). Justice and the Politics of difference. Princeton: Princeton University Press.